*Journal of Language Studies.* **Vol.7, No.3, 2023, Pages (23-43)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.7.3.2**

IRAQI Academic Scientific Journals
العـراقية المجلات الأكـاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# The analysis of critical discourse of Bakhtiar Ali's "The last pomegranate of the world" on the basis of the levels of Furlough’s

**Hamza Hussein Hama** *
**Department of Kurdish, College of Education., University of Raparin, Sulaimania, Kurdistan Region, Iraq**
**hamza.hussein@uor.edu.krd**

**Received:** 16 /8 / 2023 , **Accepted:** 5 / 9 /2023, **Online Published: 30 / 11/ 2023**

© This is an open Access Article under The Cc by LICENSE
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

This paper is a survey on the novel, “the last pomegranate of the world” by Bakhtiar Ali, based on Critical Discourse Strategies according to Furlough’s the three-layered schema. CDA researchers, do not only focus on formal and semantic aspects of the text but also pay attention to cultural, social and political points, affecting it. Thus, this methodology matches more with surveys on novels the focus of which are social, political cultural, and historical issues. Norman Furlough’s theoretical background is a huge contribution to this field that analyzes texts in three levels of description, interpretation, and explanation. In this paper, “the last pomegranate of the world”, the historical-political novel by Bakhtiar Ali based on this approach has been analyzed in order to shed a light on the writer’s point of view to the creation of the novel’s story and its elements. Moreover, the relationship between the story and the discourse on which the story has been based is analyzed. The

* **Corresponding Author**: Hamza Hussein**, Email:** **hamza.hussein@uor.edu.krd**
**Affiliation**: Raparin University - Iraq

three-layered Furlough's schema focuses on the text, discourse acts, and social acts. So, it has been chosen for this survey. The methodology of the survey would be descriptive-analytical and uses corpus data which is the novel, "the last pomegranate of the world" by Bakhtiar Ali. Finally, the most important theme of the story is opposition to war and a criticism to power, which is affected by special discourse in which text is formed.
**Key Word :** the last pomegranate cultural, social and political points

## تحليل الخطاب النقدي لرواية – اخر رمان الدنيا على أسلوب المستويات الثلاثة لـ(فركلاف)

**همزه حسين حمه**
**جامعة رابارين**

**الـمستـخلـص**

هذا البحث الموسوم بـــ ( تحليل الخطاب النقدي الروائي – آخر رمان الدنيا على أسلوب المستويات الثلاثة لفركلاف)، وهو يتناول تقيم رواية آخر رمان الدنيا لــــ( بختيار علي) على أســاس الخطاب النقدي في إطار أسـلوب المسـتويات الثلاثة لفركلاف، الذي له تأثير على الجوانب المعجمي اللغوي والسـياسـي والاجتماعي والتأريخي، فهذا الأسـلوب لتحليل الروايات التي تهتم بهذه الجوانب المتعددة، له أكثرتشـابهاً فيما بينهم. ويعدُ ( فركلاف) من المفكريين البارزين في مجال التحليل النقدي الروائي، وكان نصوصه ضمن المستويات الثلاثة: ( الوصف، التحليل، التوضيح). وقام الباحث بتحليل هذه الرواية على أساس المستويات التلاثة المذكورة أنفاً، ويعتمد البحث المنهج الوصفي التحليلي، لعرض وجهة نظر الكاتب وتطبيق هذه المستويات في روايته.
**الكلمات الدالة:** تحليل الخطاب، فركلاف، الوصف، التحليل، التوضيح

## شیکاری گوتاری ڕەخنەیی ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا لەسەر بنەمای شێوازی سێ ئاستی فێرکلاف

**پ.ی.د. همزه حسین حمه**

**زانکۆی ڕاپەڕین – کۆلێژی پەروەردە – بەشی زمانی کوردی**

**پوخته**

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی دوایین هەناری دونیای بەختیار عەلی،و لەسەر بنەمای شیکاری گوتاری ڕەخنەیی لە چوارچێوەی شێوازی سێ ئاستی (نورمن فرکلاف)ە.

شیکەرەوەکانی گوتاری ڕەخنەیی جگە لە لایەنی ڕوخسار و واتا، کاریگەرییان لەسەر لایەنی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، کەواتە ئەم شێوازە بۆ تاوتوێکردنی ئەو ڕۆمانانەی لەسەر لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و مێژوویین، لێکچوونی زیاتری هەیە. (نورمن فرکلاف) یەکێکە لەو بیرداڕێژەرانەی ئەو بوارە کە دەقەکان لە سێ ئاستی (وەسفکردن، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە) تاوتوێ دەکات. لەم توێژەنەوەیەدا ڕۆمانی سیاسی-مێژوویی دوایین هەناری دونیا، لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بۆکراوە، تا چۆنیەتی بۆچوونی نووسەر بۆ چیرۆک دەرکەوێت و پەیوەندی و کاریگەری وەرگری چیرۆک لەگەڵ گوتاری زاڵی ئەو داستانە و پێکهاتنی تاوتوێ بکرێت. لەو شوێنەوە کە شێوازی سێ ئاستی فرکلاف سەرنجی لەسەر خودی دەق، کردەوەی گوتاری و کردەوەی کۆمەڵایەتییە، بۆ شیکاری ئەو گوتارە سودی لێوەرگیراوە. ناوەرۆکی شێوازی ئەم توێژینەوەیە وەسفی-شیکارییە و زانیارییەکانی لە ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا وەرگیراوە.

## پێشەکی

شیکاری گوتاری ڕەخنەیی[1] یەکێکە لە ڕوانگە کارامەییەکانی زمانناسی و لە تاوتوێکردن و ڕەخنەی دەق، سەرچاوە دەگرێت،و کۆدەنگییەکی تەواو لەبارەی چییەتی (چی)بوونی گوتار بوونی نییە (فازلی،١٣٨٣: ٣٤). بەڵام لە پێناسەیەکی سادەدا دەتوانین بڵێین گوتار شێوەیەکی تایبەتە بۆ ئاخاوتن لەبارەی جیهان و تێگەیشتن لێی (یورگێنس[2] و فیلیپس[3]، ١٣٨٩: ١٨). گوتار بە پێچەوانەی ڕێزمانەوە کە پەیوەندی بە وشە و ڕستە هەیە، سەرنج دەخاتە سەر یەکە گەورەترەکانی زمان وەک پەرەگراف، دیمانە، وتووێژ و دەق (ڕیچارد[4]، پلات[5] و وێبێر[6]، ١٩٨٥: ٨٤). شیکاری گوتاری ڕەخنەیی لە دەق لایداوە و سەرنجی خستۆتە سەر پەیوەندی دەق لەگەڵ چوارچێوەی سەرو دەق. شیکاری گوتاری ڕەخنەیی ڕوانگەیەکی زمانناسی هۆشەکییە، کە خوێندنەوەکانی لە پێکهاتەی دەق بەربڵاوترە و زمان بە پێکهێنەری بیروباوەڕ سەیردەکات (نورمن فرکلاف[7]، ١٩٩٢: ١٥٥).

بەختیار عەلی یەکێکە لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی بواری ئەدەب و ڕوماننووسێکی گەورەی کوردە کە ڕۆمانەکانی، بەتایبەت دوایین هەناری دونیا، بە چەند زمانێک وەرگێڕدراوە، بۆنموونە چەندجار وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی. بەختیار عەلی لە ساڵی ١٩٦٠ زایینی لە سلێمانی لە دایکبووە و تا ئێستا کۆمەڵێک شیعر و ڕۆمانی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەو بیری سەرەکی خۆی لە تەوەری تیۆرێکدا دەبینێت و لەوبارەوە چەندین وتاری نووسیوە. بەناوبانگی بەختیار عەلی دەبێ قەرزداری ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا بێت کە بە ڕێبازی ڕیالیزمی جادوویی نووسراوە و لە ساڵی ٢٠٠٢ زایینی لە سلێمانی چاپ کراوە. گوتاری سەرەکی دوایین هەناری دونیا دەربارەی شەڕ و ئەنجامەکانی، گەندەڵیکردن لە هێز و ڕێبەرانی سیاسییە کە لەو ڕۆمانەدا هەژاری، عەشق، مەرگ، دووبەرەکی و ئازادی خراونەتەڕوو. ڕاستی کۆمەڵایەتی، بە زمانێکی ئەدەبی و شاعیرانە لە ڕۆمانەکانی ڕەنگیداوەتەوە، کە بووە بە هۆی دروستکردنی پەیوەندیەکی باشتر لەگەڵ گوێگر.

لە چوارچێوەی شیکاری گوتاری ڕەخنەیی چەندین ڕوانگەی جیاواز هەیە کە لە بنەڕەتەوە یەک ئامانجی دیاریکراو دەپێکن. ئامانجی دیاریکراوی گشت تیۆرەکانی شیکاری گوتاری ڕەخنەیی بریتییە لە نیشاندانی پەیوەندیی دیالیکتیکی نێوان زمان، هێز و بیروباوەڕ و ڕۆڵی کارتێکەری زمان لە ئاشکرابوونی هێز و ڕەواییپێدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بێبەرامبەرەکان (ئاغاگوڵزادە و هاوکاران، ١٣٨٦). ئامانج لە نووسینی ئەو توێژینەوەیە، تاوتوێکردنی ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا لەسەر بنەمای ڕوانگەی (نورمن فرکلاف)ە، کە بە گشتگیرترین ڕوانگەی شیکاری گوتاری ڕەخنەیی دادەنرێت (سۆرایی و هاوکاران، ١٣٧٨). ئەو ڕوانگەیە لە سێ ئاستی (وەسفکردن، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە) دەقەکان تاوتوێدەکات.

## بەشی یەکەم

### ١- ١. ئەو کارانەی پێشتر دەربارەی ئەو بابەتە نوسراون:

لێرەدا بەپێی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە، ئەو کتێب و توێژینەوانەی لەسەر شێوازی شیکاری گوتاری ڕەخنەیی (نورمن فرکلاف) نووسراون دەخەینەڕوو، بەمشێوەیە:

(ئاغاگوڵزادە، ١٣٨٦) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (شیکاری گوتار و ئەدەبیات) باسی لەوە کردووە کە لە ڕوانگەی شیکەرەوەکانی گوتاری ڕەخنەیی دەقەکانی ئەدەبی وەک دەقەکانی تر لە خزمەتی یەکتردان. زمانناسان و ڕەخنەگرانی پێیان وایە دەق وەک دەقی ئەدەبی و بەرهەمی هونەری لەگەڵ پرۆسەی فەرهەنگی پەیوەندییان بە بیروباوەڕەوە هەیە.

(قوبادی و هاوکاران، ١٣٨٨) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (شیکاری گوتاری زاڵ لە ڕۆمانی سوشونی سیمین دانیشوەر) باسیان لەوە کردووە لەو شوێنەوە کە ڕوانگەی (نورمن فرکلاف) سەرنج بە هەردوو لایەنی فۆرم و واتا دەدات، ڕوانگەیەکی گشتگیرە و بەو ئەنجامە گەیشتوون کە چیرۆکەکە هەڵگری گوتاری بەرامبەرێتییەو نووسەر بە هەڵبژاردنی وشەگەلی تایبەت، ڕکابەری لەگەڵ گوتاری زاڵ نیشاندەدات.

(دێسپ و هاوکاران،١٣٩٠) لە توێژینەوەیەکدا بەناوشیانی (شیکاری گوتاری دوورگەی سەرگەردانی و پەیوەندی واتایی ئەو لەگەڵ ڕۆمانەکانی تری سیمین دانیشوەر) دەڵێن: سێ چەمکی زۆر پێویستی وەک (ڕەخنە، هێز و جیهانبینی) لە گشت شیوازەکانی شیکاری گوتاری ڕەخنەیی بوونی هەیە. دواتر بەو ئەنجامە گەیشتوون کە گوتاری سەرەکی ئەو چیرۆکە سەرگەردانی، داگیرکارییە .....

(حەدادی و هاوکاران،١٣٩١) خەریکی تاوتوێکردنی کاریگەری گوتاری دەیەی شەست لە ئافراندنی چیرۆکی "خولگەی سفر پلە" بوون و شێوازی (نورمن فرکلاف)یان بە مەبستی تاوتوێکردنی خۆیان بە کارامەترین شێواز داناوە و بەو ئەنجامە گەیشتوون کە دەقی ئەو چیرۆکە لە ژێر کاریگەری ئەو گوتارەیە کە خوازیاری بەرهەمهێنانی ئەو چەشنە دەقەیە.

(جەهانگیری و هاوکاران، ١٣٩٣) بە تاوتوێکردنی پەیوەندی زمان لەگەڵ هێز و بیروباوەڕ لە شێوازی ڕەخنەیی (نورمن فرکلاف)دا بە شیکاری گوتار سەرقاڵ بوون و بەو ئەنجامە گەیشتوون کە لە ڕوانگەی فرکلافەوە کۆڕە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی ڕاگرتن و باڵادەستی خۆی پێویستی بە بیروباوەڕ هەیە.

(تایفی و هاوکاران، ١٣٩٥) لە بەرهەنگاربوونەوەیەک لە ژێر ناوی (ڕەخنە پیشاندەرەکانی ڕیالیزمی جادوویی لە ڕۆمانی دوایین هەناری دونیادا باسیان لەوە کردووە کە نووسەر لە بەکارهێنانی لایەنەکانی جادوویی لە دونیای ڕیالیزمی جادووییدا لێهاتووانە کاری کردووە. هەروەها چۆنییەتی دەنگدانەوەی تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ڕێبازی ڕیالیزمی جادووییان لەو ڕۆمانەدا تاوتوێکردووە و بەو ئەنجامە گەیشتوون کە پیشاندەرەکانی «بەکارهێنانی دیرۆک» دیمەنێکی بەرچاوتری لەچاو پیشاندەرەکانی دیکەی ئەو ژانەرە لەو ڕۆمانەدا هەیە.

(ئاغا گوڵزادە و هاوکاران، ١٣٩٨) لە توێژەنەوەیەکدا بە ناونیشانی (کارامەیی شێوازی شیکاری گوتاری ڕەخنەیی (نورمن فرکلاف) دوای وەسفکردن، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی زانیارییەکانی بەدەستهاتوو لە دوو دەقی وەرگێردراو بەو ئەنجامە گەیشتوون کە وەرگێڕانی نێو زمان کێشەگەلێک بۆ پرۆسەی دۆزینەوەی بەرامبەر سازدەکات و باسیان لەوە کردووە کە لە پرۆسەی کۆدکردنەوە و بەرامبەر دیتنەوە، سێ قۆناغی شێوازی فێرکلاف بێجگە لە هەبوونی ڕۆڵ لە شیکاری گوتاری ڕەخنەیی دەق هەروەها ڕۆڵی لە قۆناغی بەرهەم هێنانەوە هەیە.

هەروەها سەبارەت بە بەرهەمەکانی بەختیار عەلی هەندێک توێژینەوە کراوە: (جەلال ئەنوەر سەعید، ٢٠٠٩) لە کتێبێکدا بە تاوتوێکردنی تەکنیکی گێڕانەوە لە بەرهەمەکانی (بەختیار عەلی)دا، کاری لەسەر ڕۆمانی ئێوارە پەروانە کردووە و بەو ئەنجامە گەیشتووە کە شێوەی گێڕانەوە زیاتر بەشێوەی زەینی بووە.

(مەهاباد ئازاد محەمەد، ٢٠١٠) لە کتێبێک بە ناونیشانی ڕوخساری ڕوناکبیر لە ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا بە تاوتوێکردنی جێگەوپێگەی ڕوناکبیر لە سێ ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە، شاری موسیقارە سپییەکان و دوایین هەناری دونیا) خەریکبووە و باسی کردووە، کە هەوڵ بۆ مانەوە، ئاگاداری لەخۆ و دەربازبوون لە مەرگ کە وەک ڕادەستکردنی توانایی ڕۆحی تاکە، زۆرترین گوتاری ڕۆمانەکانی سازکردووە و ئەو کارە بووە بەهۆی قەیرانی کەسایەتی چیرۆکەکان. هەروەها بەو ئەنجامە گەیشتووە کە لە ڕۆمانەکانی ئاماژە پێکراو ڕوخساری ڕوناکبیر نەک لە ڕوانگەی ماددی و مەعنەوییەوە کامڵ نییەو ڕوناکبیران بەردەوام لە حاڵەتی قەیران و شکستدان.

## ١- ٢. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:

بەپێی چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیە، لە ڕوانگەی فێرکلافەوە، گوتار پێکدێت لە سێ بنەمای (کردەوەی کۆمەڵایەتی، کردەوەی گوتاری (بەرهەمهێنان، بڵاوکردنەوە و سودوەرگرتن لە دەق) و دەق) (فێرکلاف، ١٣٧٩: ٩٧). فێرکلاف شیکاری گوتاری بە پەیوەندییەتی، دیالیکتیکی دەزانێت و بۆ ئەو مەبەستە شێوازێک لە سێ ئاستی (وەسفکردن، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە) دەخاتە ڕوو

(هەمان سەرچاوە، ٢٤٥). کەواتە توێژەر دەبێ لە شیکاری دەقەکان، لە نێوان دەق و گوتارەکانیدا بەردەوام لە هاتوچۆدا بێت. یەک دەق لە ئاستی وەسفکردندا، بەپێی تایبەتمەندییەکانی نێو گوتار وەسف دەکرێت. ئاستی لێکدانەوە، پەیوەندییە بەردەستەکانی نێوان ئەو پرۆسانەی کە دەبن بە هۆی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی گوتاری خوازراو تاوتوێ دەکات. ئاستی سێهەم کە ئاستی ڕوونکردنەوەیە بە شرۆڤە و شیکردنەوەی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان بنەماکانی گوتاری و کۆمەڵگاوە خەریک دەبێت (ئاغا گوڵزادە، ١٣٩٤: ١٢٩).

## ١- ٣. ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی توێژینەوەکە بە شێوەی وەسفی-شیکارییە کە تێیدا جگە لەوەی چۆنیەتی وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی بابەتەکە خراوەتەڕوو. زانیارییەکانی لە ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا کۆکراوەتەوە- و لە شیکاری گوتاری ڕەخنەییدا خراوەتە بەرباس، لەو توێژینەوەیەدا بە مەبەستی شیکاری زانیارییەکان، لە ڕوانگەی سێ ئاستی فێرکلاف؛ (وەسفکردن، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە) سودمان وەرگرتووە.

## ١- ٤. شیکاری گوتاری ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا:

### ١- ٤- ١. کورتەی ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا:

گێڕەرەوەی چیرۆک "موزەفەری سوبحدەم" کە دوای بیست و یەک ساڵ یەخسیری لە بیابانێک، بە دوای منداڵەکەی خۆی "سەریاسی سوبحدەم" گەڕاوەتەوە بۆ جیهانی مرۆڤەکان، ئێستا دوای تەواوبوونی چیرۆکەکە لەسەر تەختەبانی پاپۆڕی سەرگەردانی دانیشتووە و ژیان و جیهانی خۆی بۆ گوێگرە بێدەنگەکانی دەگێڕێتەوە. "موزەفەری سوبحدەم" شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە لەڕێگەی ئامانجی نەتەوەییدا بووە کە لە کاتی ڕزگارکردنی گیانی هاوڕێکەی "یاقوبی سنەوبەر" بە دیل دەگیرێت و ئەو بەدیلگرتنەی بۆ ماوەی بیست و یەک ساڵ درێژە دەکێشێت و سەیر لەوەدایە کە لە تەواوی ئەو ساڵانەدا دیلی هاوڕێی خۆی بووە. یاقوب دوای تەواوبوونی ساڵەکانی یەخسیری هاوڕێکەی هێناوە بۆ کۆشکێک تا دوایین ساڵەکانی ژیانی بە دوور لە ناحەزییەکانی کۆمەڵگا ببەنە سەر، بەڵام تەنیا هۆکاری موزەفەر بۆ دیتنەوەی منداڵەکەیەتی کە یاقوب هەواڵی مردنی پێدەدات، بەڵام ئەو دەیهەوێت چیرۆکی ژیان و چۆنیەتی مردنی بزانێت....

دوای دیتنەوەی نهێنی ژیانی سەریاسی سوبحدەمی یەکەم[8] کە لەنێو داشقەچییەکان کوژراوە، تێدەگات کە کەسێکی تر هەر بەو ناوە کە پێیان دەگوت سەریاسی سوبحدەمی دووەم[9]، لەو شارە ژیاوە و ئێستا لە قەڵایەکدا بەندکراوە و تەنیا ڕێگە بۆ پەیوەندی لە گەڵی، ئەو نەوارکاسێتانەن کە بە شاراوەییەوە دەچنە نێو قەڵاکەی. لە ڕەوتی وتووێژ لەگەڵ سەریاسی سوبحدەمی دووەم لەڕێگەی ئەو نەوارکاسێتانە دەزانێت کە سەریاسی سوبحدەمی سێیەمیش[10] هەیە کە لە بۆردمانی کیمیاییدا تەواو سووتاوە و لە بەشی منداڵانی ساوا لە نەخۆشخانەی ئەو شارەدا پارێزگاری لێدەکەن. خاڵی هاوبەشی سەریاسەکان بێجگە لە ژیانی پڕ لە مەینەتی و نادیاربوونی بنەماڵەکەیان، هەنارگەلێکی شووشەیینە کە هەر کامیان لە منداڵییەوە پێیان بووە و چییەتی و بۆچییەتییەکەیان لێ ڕوون نییە.

"موزەفەری سوبحدەم" دوای زانینی چیرۆکی سەریاسەکان و دەست خستنی لەتکە گۆشتی بچوک سەر لە نوێ دەبێتەوە یەخسیری یاقوب و یاقوب ئەوە دەدرکێنێت کە دوو دانە لە سەریاسەکان منداڵی ناشەرعی و نەخوازراوی ئەو لە کاتی شەڕدان. "موزەفەری سوبحدەم" لە ژێر دوایین هەناری دونیا، ئەو دارەی کە دوو سەریاسەکان و محەممەد دڵشوشە لە ژێریدا پەیمانی برایەتییان بەستووە، و پەیمانیان دەبەستێت کە تا ڕۆژێک کە زیندووە بە دوای چارەنووسی سەریاسی سێهەم کە بڕیارە بیبات بۆ ئینگلیز و لەوێ خوێندنەوەی بۆ بکەن، بچێت و هەر بەو هۆیە سواری پاپۆڕێکی سەرگەردانی سەر زەریایەکی بێکۆتایی دەبێت.

## ١- ٤- ٢. سەرنجێک دەربارەی ناوەرۆکی ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا:

شەڕ و توندوتیژی بۆ ساڵانێکی درێژخایەن داوێنی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکانی گرتووە و ژیانی مرۆڤەکانی بەرەو لە نێوچوون بردووە و ئاسەوارە دڵتەزێنەکانی زیاتر تووشی خەڵکی ئاسایی بووە تا سیاسەتمەدارەکان. گوتاری بەختیار عەلی کە بۆخۆی لە زیانلێکەوتووانی شەڕە، گوتارێکی دژە شەڕ و توندوتیژییە. ناوەرۆکی چیرۆکی دوایین هەناری دونیا ڕاستییە و لە کاتی حکومەتی بەعس و شەڕە نێوخۆییەکانی دوای ئەو لە کوردستان ڕوویداوە. لەنێوچوون و کاولکاری بەشێک لە ئاسەوارەکانی شەڕە کە نووسەر زۆر بە ڕوونی شی دەکاتەوە.

نووسەر، شەڕ وەک گەیشتن بە دادپەروەری و ئاوەدانی قبوڵناکات و بەڵکو بەپێچەوانەوە ژان و خەمی مرۆڤەکان گەورەتر دەبێت. ((ئێمە شەڕ کردینی بە کۆمەڵێک ڕمووزن... شەڕ و شەڕ و هەمیشە شەڕ، بەیانیان شەڕ، نیوەڕۆیان شەڕ، ئێواران شەڕ...)) (بەختیار عەلی، ١٣٩٣: ٥٧). هەروەها ((شەڕ ئازارەکانی دونیا گەورەتردەکات، ئەگەر دژی هەموو خراپەکانیش بێت، دواجار بە جۆرێکی تر زەوی پڕ دەکاتەوە لە ئازار، شەڕ ئەگەر ئەوپەڕی دادپەروەریش بێت، هەمیشە زەوی لێوان لێو دەکاتەوە لە غەم)) (هەمان سەچاوە، ٣٨٩)

ئەنجامی حکومڕانی حکومەتی بەعس و سەدام بۆ خەڵکی کورد، هەزاران مرۆڤی ئاوارە و کوژراو و لەنێوچوونی تەواوی گوند و شارەکان بوو. ((لەو شەوەدا کە هەموو شار و گوندێکی باکوری بیابان، هاتنە دەرەوە و بەرەو چیاکان هەڵهاتن و لەسەر سنوری وڵاتەکانی تر کۆبوونەوە)) ... ((لەناو سەدان سەدان هەزار ڕۆحلەبەردا کە بە چیا و هەرد و نشێواندا دەڕۆیشتن... شتێک لە دونیای ئەو گوندە خاپورانەی تیایاندا گەورە بووە هێشتا لە خەیاڵیایەتی ... دەڕوات و تەماشای ئەو هەزاران خێزانە دەکات ... سەیری ئەو منداڵە پێخواسانە دەکات کە بە قەراغ ڕێگاکاندا دەڕۆن و هەندێجار مینیان پیادا دەتەقێتەوە)) (هەمان سەرچاوە، ١٢٨).

کەواتە ناوەرۆکی گشتی چیرۆکەکە کە پەیوەندیدارە بە ڕووداوەکانی سەردەمی حکومەتی سەدام، ڕاپەڕینی خەڵکی کورد بۆ بەدەستهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ و شەڕی ناوخۆیی و ئاسەوارە دڵتەزێنەکانی ئەو ڕووداوانە و ژان و بەڵاکانی کوردنشینی کە لە چوارچێوەی گەڕانی موزەفەر بەدوای منداڵەکەیدا، دوای بیست و یەک ساڵ باسدەکرێت، کە لەو نێوانەدا، چیرۆکی کەسایەتییەکانی تری کە لەو ڕێگەیەدا لەگەڵیان ئاشنادەبێت، دەگێڕێتەوە. بگێرەوە نایهەوێت ڕاستەوخۆ چیرۆکەکەی

لەگەڵ سیاسەت تێکەڵبکات بەڵکو ئەوە سیاسەتە گەمارۆی ژیانی کەسایەتییەکانی داوە و کردوونی بە قوربانی خۆی. زمانی ئەدەبی و شاعیرانەی بەختیار عەلی پێش لە گۆڕانی ئەو ڕۆمانە بە ڕۆمانێکی سیاسی دەگرێت.

## ١- ٥. داڕشتنی کەسایەتی و شیکاری گوتاری زاڵ لە چیرۆکدا:

لە ڕوانینێکی گشتیدا دەتوانرێت کەسایەتییەکان بە دوو بەش دابەشبکرێن: کەسانێک کە بۆ ڕاگرتنی هێز، پلەوپایە و بەرژەوەندی خۆیان لە هەوڵی ڕاگرتنی گوتاری سیاسی خۆیاندان و لە کۆتاییدا لە هەر دەرفەتێک سودی پێویست وەردەگرن؛ و گروپی دووەم کە زۆربەیان کەسانێکن کە قوربانی خۆویستی، شەڕخوازی و بەرژەوەندیی گروپی یەکەم بوونە. هەڵبەت کەسانێک هەن کە پێیان خۆشە لە جیهانی خۆیاندا بژین و لە کێشە و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دوور بکەونەوە، بەڵام جیهانی ئەوان بە شێوەیەک بە کەسایەتییەکان گرێدەدرێت کە ناتوانن خۆیان بە تەواوی لێیان جیابکەنەوە و ناڕاستەوخۆ لە یەکێک لەو گروپانە جێ دەگرن. کەسانێک وەک «یاقوبی سنەوبەر»، «سولەیمانی مەزن»، «کەیخوسرەو ئاغا سۆفیان ئاغا سەدری ئەرحەمی»، «کەریمی شیرین» و «مەلەکی دولبەر» دەتوانرێن لە گروپی یەکەم جێ بگرن و «موزەفەری سوبحدەم»، «سەریاسەکان»، «ئیکرامی کێوی»، «هاوڕێ و نەسیمی شازادە» و «ئەستێرەی ڕەش» لەنێوچووان و قوربانیانی ڕاستەوخۆی گروپی یەکەمن. «عەباسی فانوون»، «ئیدریسی هەنگوین»، «سەید موژدەی شەمس»، بەشێوەیەکی ناڕاوستەوخۆ گوتاری گروپی یەکەم بەرهەم دێننەوە و بەهێزی دەکەن و کەسانێک وەک «محەمەدی دڵشوشە»، «لاولاو و شادەریای سپی»، «ژینۆی مەخمەلی»، «ئادەمی مەرجان» و تەنانەت «سەید جەلالی شەمس» بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بوونەتە قوربانیانی دەستەی یەکەم.

یاقوبی سنەوبەر ڕێبەرێکە کە سەرکردایەتی بەسەر ئەو دونیا ناحەزەی خۆی سازی کردووە، دەکات، قەت پێی خۆش نییە نهێنییەکانی بدرکێندرێت، متمانەی بە کەس نییە و بە بیانوی تەشەنەکردنی چاوقوڵکە دەیهەوێت موزەفەر لە کۆشکەکەدا ڕاگرێت تا بە شێوەیەکی تر داگیری بکات و لەو ساڵانەی دوایی تەمەنی هاوڕێ و هاودەمی بێت. هەروەها ساڵانێک لە بیابان ڕایگرتووە و بە هەموو کەسی گوتووە مردووە، کە نەکا دوای ئازادی ببێتە ڕکەبەری سیاسی ئەو. موزەفەر تەنیا یەکێکە لەو هەزاران کەسانەی کە یاقوب کردوویەتی بە قوربانی خۆی. خاڵی بەرامبەری یاقوب، موزەفەرە کە خۆی کردووە بە قوربانی و دوای ئازادییەکەی بە دوای دیتنەوەی کوڕەکەیەتی و نهێنییەکان دەبینێتەوە و ئاشکرایان دەکات.

سەریاسی یەکەم بەهۆی پاڵپشی لە دەستفرۆشان و ڕاوەستان لە بەرامبەر ملهوڕییەکانی مەلەکی دولبەر بە دەستی ڕاسپێراوان دەکوژرێت. دژی شەڕ و خوێنڕشتنە و دەیهەوێ ژیان بکات، گوێ لە گۆرانی خوشکە سپییەکان بگرێت، سەیری فیلم بکات، لەگەڵ هەموو کەس هاوڕێ بێت و کتێب-فرۆشییەک بکاتەوە. سەریاسی دووەم کەسایەتییەکی ناسەقامگیر، هەڵخەڵەتاوی هەیە و سەرەڕای ئەوانەش کە هێز و کایەکانی سیاسی وەک دوو ڕۆڵی دژبەیەکی «جاش» و «پێشمەرگە»

هەڵیدەسوورێنن و لە کۆتاییدا بە چارەنووسێکی نادیار لە بەندیخانەدا، بەند دەکرێت. سەریاسی سێیەمیش یەکێک لە هەزاران قوربانیانی بۆردمانی کیمیایی سەردەمی شەڕە. ئیکرامی کێوی بە دوای ڕزگارکردنی ڕۆحی خەڵکییە، کارگەلێک دەکات کە هەستی زیندووبوونی پێ دەبەخشێت و لە بەندیخانەکان، هێز و ڕوخساری شاراوە، گلەیی هەیە و نهێنییەکان وەک ڕق سەیر دەکات. بە ئازادکردنی موزەفەر و یارمەتیدانی بۆ دیتنەوەی سەریاسەکان و تەرخانکردنی ژیانی خۆی بۆ سارێژکردنی زامی باڵندەکان، لە ڕاستیدا لە هاوڕێیەتیاندا ئازاریکێشاوە و بەرامبەر گوتاری گرووپی یەکەم ڕاوەستاوە. محەمەدی دڵشوشە لە کەسایەتییە خەیاڵییەکانی چیرۆکەکەیە کە سەرنجڕاکێشییەکی تایبەتی هەیە. کوڕی سولەیمانی مەزن لە بەرپرسیارانی پایەبەرزی حکومەت و سەرۆکی نهێنییە ترسهێنەرەکانی دوای ڕاپەڕینە، بەڵام وەک هەتیوێک گەورە دەبێت. ژیان و دڵێکی شوشەیی هەیە و بە کلیلە شوشەییەکانی بە ئاواتی دیتنەوەی نهێنییەکانەوەیە. لەگەڵ سەرانسەری جیهان نامۆیە و دیوارێکی کێشاوە و پڕە لە نهێنی و پێی خۆشە ژیانی وەک شوشەیەک ڕوون بێت. دڵە شوشەییەکەی بەهۆی عەشقێکی بێمراد بە لاولاوی سپی دەشکێت و دەبێتە قوربانی نهێنی عەشقێک کە کلیلەکانی ناتوانن دەرگاکەی بکەنەوە. خوشکە سپییەکان بەو تایبەتمەندییانەی هەیانە بوون بە دوو نامۆی ڕاستەقینە لەگەڵ جیهان و کەوتوونەتە بەر ڕق و دوورخستنەوەی خەڵکی. دوو خوشکەکە پەیمانیان بەستووە هاوسەرگیری نەکەن، قژەکانیان کورتنەکەنەوە، پێکەوە گۆرانی بڵێن و تەنیا جلی سپی لەبەرکەن. گوێ لە ڕادیۆ ناگرن، ڕۆژنامە ناخوێننەوە، ناوی هیچ کام لە حزبەکان نازانن و دەیانهەوێت دوور لە سیاسەت و شەڕ بژین؛ بەڵام تێکەڵبوونی ژیانیان لەگەڵ کەسایەتییەکانی دیکە، ژیانیان بەرەو جیهانی قوربانیان و لەنێوچوویان دەبات.

بەپێچەوانەی بەرهەمەکانی دیکەی بەختیار عەلی، لە ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا، ژن ڕۆڵێکی کەمی هەیە. وەکو بڵێی گوتاری زاڵ لە دونیای کۆمەڵایەتیی چیرۆکدا دەرفەتی دەرکەوتنیان پێ نادات و هیچ وتەیەک لە زمانی دایکی محەمەدی دڵشوشە، دایکی خوشکە سپییەکان یا خۆشەویستی سەید جەلالی شەمس دەرنایەت. تەنانەت خوێنەر کتوپڕ لە کۆتایی وەرزی دە بە مردنی دایکی محەمەدی دڵشوشە لە بێدەنگییەکی تەواو دەزانێت. لە لایەکی دیکەشەوە ژنەکان لە دونیای کۆمەڵایەتی و سیاسی نێو چیرۆکەکەدا دەبنە قوربانی زێدەخوازییە لە ڕاددەبەدەرەکانی سیاسەتمەدار و خاوەن هێزەکان.

## بەشی دووەم

### ٢. شیکاری ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا لە ڕوانگەی شیکاری گوتاری فێرکلافەوە:

لەم بەشەدا شیکردنەوەی چیرۆک لە ڕوانگەی هەرسێ لایەنی وەسفکردن و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە شیدەکەینەوە.

**٢- ١. شیکاری گوتاری ڕەخنەیی ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا لە ئاستی وەسفکردندا:** بەپێی ڕوانگەی (فێرکلاف، ١٣٧٩: ١٧) لە ئاستی وەسفکردنەوە، دەق لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی زمانناسانە لە چوارچێوەی پێکهاتەی دەق لە ڕوانگەی وشەکان و ڕستەکان، دارشتنی دەقی تاوتوێ دەکرێت. پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان وەک بەیەکەوەهاتنی وشەکان،

دژیەکی واتایی و لەخۆگرتنی واتای وشەکان، کە بۆچوونی نووسەر نیشانبدات، تاوتوێ دەکرێت. بکەردیاری و بکەرنادیاری یا ئەرێنی و نەرێنی بوونی ڕستەکان لەو ئاستەدا تاوتوێ دەکرێن. (فێرکلاف، ١٣٧٩: ٩٨) پێی وایە کە بێجگە لە واتای وشەیی، بەرگریمانەکان، ئاماژە ناڕاستەوخۆکان، ئیستعارەکان، کە هەموویان لایەنەکانی واتا سازدەکەن، بیر و باوەڕێکیان لە پشتەوەیە. لەڕاستیدا لەوانەیە تایبەتمەندییەکانی ڕواڵەتی دەقەکان لە ئاستی جیاوازدا بە بیروباوەڕەوە ئاراستە بکرێن. تەنانەت لەوانەیە لایەنەکانی شێوازی یەک دەق لە ڕوانگەی بیروباوەڕیەوە واتادار بن.

دژیەکی نێوان کۆمەڵێک وشەی وەک یەخسیری و ئازادی، مردن و ژیان، ڕوون و ناڕوون، پێشمەرگە و جاش، هێز و بێدەسەڵاتی، دۆست و دوژمن، ڕاستی و درۆ، خۆشەویستی و ڕق، ئومێد و نائومێدی بە جۆرێک واتای تایبەتیان هەیە لە تەواوی چیرۆکەکەدا دووبارەدەبنەوە و هۆی بەرەوپێشچوونی چوارچێوەی چیرۆکن.

هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە، لەگەڵ دژایەتی و دووبەرەکی و یەخسیری و ئازادی ڕووبەڕوو دەبینەوە. موزەفەر هەر لە ڕستەی یەکەمدا باس لە یەخسیری خۆی دەکات. ((من لە بەرەبەیانی یەکەمەوە زانیم کە دیلی کردووم)) (بەختیار عەلی، ١٣٩٣: ٧). ئیکرام بە مزەفەر دەڵێت: ((ئازادیت بۆ چییە، چ کارت بە ئازادی هەیە...ئێمە ئازادی چی بۆ هێناین، بە تەمای چیت لە ئازادی؟... دەمەوێت بەدوای سەریاسی سوبحدەمدا بگەڕێم)) (هەمان سەرچاوە، ٨٣).

موزەفەر باس لە دژواری ڕۆحی ئازاد لە ژیانی پڕ لە یەخسیری دەکات. ((دەمزانی چ زەحمەتە ڕوحێکی ئازاد بنێمەوە سەر سکەی ژیانێک پڕە لە دیلی و ئازار و کۆیلەیەتی)) (هەمان سەرچاوە، ١١٠). هەروەها موزەفەر واتایەک لە ئازادبوونی لەنێو بیابان نابینێتەوە. ((بۆ یەکەمجار تێگەیشتم ئازادیش چ بیابانێکی گەورەیە. گەڕانەوەی مرۆڤ لە ئەسارەت کاتێک واتای هەیە کە نەگەڕێتەوە سەر خۆڵێکی ڕووت)) (هەمان سەرچاوە، ١٧٦). گوتاری یەخسیری و ئازادی لە گوتارەکانی گرنگی مژار و دونیای کۆمەیەڵاتی بەتایبەت لەسەردەمی شۆڕش و وەرچەرخانەکانە. نووسەری چیرۆک بە بەرەنگاربوونەوەی ئەو دوو وشەیە نیشاندەدات کە ئەو شۆڕشەی بۆ ئازادی بوو، هەر لە هەنگاوی یەکەمدا نزیکترین هاوڕێکانی خستە یەخسیرییەوە. هەرکام لە کەسایەتییەکان، بە چەشنێک یەخسیر کراون، بە تایبەت یەخسیری ڕابردووی خۆیانن و بەدوای ڕزگاربوون لەو یەخسیرییەن، بەڵام هەوڵەکانیان بێ ئەنجامن. محەممەدی دڵشوشە یەخسیری عەشقە، خوشکە سپییەکان یەخسیری پەیمانەکەیانن، سەریاسی دووهەم لە بەندیخانەیە و هەم پابەندی ڕابردوویەتی و موزەفەر لەو ئازادییەی بەدەستی هێناوە، یەخسیری بێمانایی و سەرگەردانی ژیانێتی.

دوو وشەی دژبەیەکی مردن و ژیان کە هێمای دونیای ترسهێنەری زاڵ بەسەر چیرۆکی کۆمەڵگادایە، ڕوانگەیەکی بیروباوەڕی بە چیرۆکەکە بەخشیوە. سزای موحەمەدی دڵشوشە کە بە دوای کردنەوەی نهێنییەکانە، مردنە. ((مردنێک کەسانێکی دی وەک لەعنەتێکی خودایی تەماشای دەکەن، وەک سزایەک بۆ ئەوەی نهێنییەکان دەخوێنێتەوە)) (هەمان سەرچاوە، ٢٤) و

سیاسەتمەدارێک وەک سولەیمانی مەزن، مردنی کوڕەکەی لە ڕێگەی عەشقدا بە بێمانا و بێ بایەخ دەزانێت و دڵنیایە کە کوڕەکەی بە شێوەیەکی بێمانا دەمرێت، دڵشوشە ژیانی ئەو وڵاتەی پێ دووبارە و بێکۆتایە کە سێحری لێکراوە. ((وەک ئەوەی ژیانمان دووبارەبوونەوەی وێنەی سەر یەک ئاوێنە بێت)) (هەمان سەرچاوە، ١٨٥). هەندێک نهێنی بچوک بە هۆی ئەو دووبارەبوونەوەیە دەزانێت کە لە ژیانی خۆی و هاوڕێکانی قفڵێکی لێدراوە کە ناکرێتەوە. ((ئەو نهێنیانەی بچوکن، بەڵام قفڵی گەورەیان لە ژیانمان داوە)) (هەمان سەرچاوە، ١٨٦).

سەریاسی یەکەم کە لێوڕێژە لە سۆزی ژیان، ئەو سۆزەی لە جیهانی ئەودا بوو، جگە لە مردن ئەنجامێکی دیکەی نەبوو. ((شتێک لەو گەنجەدا (سەریاس) بوو دوای کەمێک سەودا و قسەکردن هەموو کەسێکی بۆ خۆی کێش دەکرد، شتێک من ناوی دەنێم "وزەی ژیان". سیحرێک دواجار بووە مایەی کوشتنیشی)) (هەمان سەرچاوە، ٩٥). نووسەر ئەوە نیشاندەدات کە مردنی مرۆڤەکان، بۆ سیاسەتمەدار و سەرکردەکانی شەڕ پرسێکی سادە و ساکارە،و سەردەمی شەڕ، سەردەمی ئاساییکردنەوەی مرۆڤەکانە. موزەفەر لە وەسفی ئەو ڕۆژگارەدا دەڵێت: ((ئێستا دڵنیام ئامادەیی بۆ مردن بەشێکە لە مردن بەشێکە لە ڕۆحی ئەو سەردەمە)) (هەمان سەرچاوە، ١٩٢). ((... دەیانویست من بخەنە ناو وێنەی سەردەمێکەوە مەرگ حورمەتی خۆی دۆڕاندبوو)) (هەمان سەرچاوە، ٢٠٩). سەید جەلالی شەمس کە لە کۆتاییەکانی ژیانی هاودەمی بەردەوامی مەی و دڵدارە بە موزەفەر دەڵێت: ((ژیانی من جگە لە چاوەڕوانی بۆ مەرگ شتێکی تر نییە)) (هەمان سەرچاوە، ٣٠٢). نووسەر مردنی وەک لەمپەرێک بۆ گەیشتنی براکان بە یەک و پێشکەوتنیان دەزانێت و لە زمانی موزەفەرەوە دەڵێت: ((... لەو سێ برایەی جەنگ و بێهودەیی و مردن نەیهێشتبوو بگەنە یەک و سەرکەون بۆ پلەی کەمال..)) (هەمان سەرچاوە، ٣٤٥).

ئەو وێنە وەرگرتنە[11] و خەیاڵیانەی نووسەر بە بەکارهێنانی زمانی ئەدەبی و شاعیرانەی دەیخوڵقێنێت، لە ئارامی سیاسی چیرۆکدا لە بەرامبەر گوتاری زاڵ و بیروباوەڕی نووسەری بەهێز کردووە و سەرنجڕاکێشییەکی تایبەتی بە چیرۆک بەخشیوە، کە بگێڕەوە بە شێوەیەک باسی دەکات کە نووسەر وەک ڕاستییەکی ئاشکرا چاوی لێبکات. بگێڕەوە، کە لە ڕاستیدا نووسەرە، هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە جۆری بەکارهێنانی زمان بە خوێنەر ڕادەگەیێنێت: ((لەو بیست و یەک ساڵەدا هەوڵێکی زۆرم دابوو زمانم بیر نەچێتەوە، نا زمانم بیر نەچۆوە، بەڵام لەو ساڵە دوورودرێژانەی زینداندا کاتی ئەوەم هەبوو زمانێکی تر دروست بکەم، زمانێکی شیعر ئاسا)) (هەمان سەرچاوە، ٦) هەر کات یاقوب درۆ دەکات، دەڵێی سروشتیش بەرگەی درۆگوتنەکانی ناگرێت. ((هەرکات درۆی دەکرد، ڕووداوێکی سەیر ڕووی دەدا: باران دەباری، دارەکان بەردەبوونەوە، یا باڵندەکان تێکرا بەسەرماندا هەڵدەفڕین)) (هەمان سەرچاوە، ٨).

شوشەیی بوونی محەمەدی دڵشوشە و ژیان و مردنی لە ئەنجامی ئەو شوشەیی بوونە، هاواری ناڕەزایەتی بۆ شاراوەیی و تاریکییەکانی دونیای سیاسی و کۆمەڵایەتی نێو چیرۆکەکە و بەرگەنەگرتنی کەسانی ڕوون و پاک لەو دونیایە. ئەو چیرۆکە خەیاڵییەی ئەستێرە ڕەش، هاوڕێی سەریاسی سێهەم، لەبارەی «گوڵ ئاگر»، ئەو کوڕەی کە ئاوری گرتووە و قەت ناکوژێتەوە،

نارەزایەتییەکە لەلایەن تەواوی سوتاوی ئەو وڵاتە سەبارەت بە شەڕ و سیاسەتەکانی شەڕ. بەرامبەر خەیاڵ و ڕاستی بە شێوەیەکی بەرەنگاری، ئەو ڕاستییە دڵتەزێنانەی کە پێش ڕاپەڕین ڕوودەدەن، نیشاندەدات. وەسف و دونیا خوڵقاندنی خەیاڵی کە لەبارەی ئەو دار هەنارەی کە نەسیمی شازادە لەسەر کێوێکی دڵگیر و بەهەشت ئاسا چاندوویەتی و بنەمای ناوی ئەو چیرۆکەیە، هێمای گوتاری جیهانی پڕ لە ئاشتی، دۆستایەتی و برایەتییە کە بەرامبەری گوتاری شەڕ، خوێنڕشتن و براکوژی ڕاوەستاوە. بەکارهێنانی «هەناری شووشەیی»ی یەکێکە لەو نموونانە.

نووسەر بە بەکارهێنانی چەندبارەی وشەکانی بیابان، قاقڕ، سارا، خۆڵ، زەریای خۆڵ، لم و باهۆز، وڵاتی پڕ لە بێدەنگی، تەنیایی، لەنێوچوون و مردن بەبیر خوێنەر دێنێتەوە و کۆمەڵگایەکی گرفتار بە خەم، کوێرەوەری، ملهوڕی و شەڕ دێنەتە بەرچاو کە پەیوەندییەکی لەگەڵ ئاوەدانی و سەرهەڵدانەوە نییە؛ و لە لایەکی ترەوە سیاسەت وەک بیابانێک وەسف دەکات کە هیچ شتێک لێی ناڕوێت. ((بیابان و سیاسەت هەردووکیان یەک شتن؛ دوو زەوین هیچیان تیا ناڕوێت)) (هەمان سەرچاوە، ٣٤).

بەکاربردنی ڕستەکان بە شێوازی سەرزارەکی بۆ هەندێک لە کەسایەتییەکان کە لەگەڵ ڕۆڵ و تایبەتمەندییەکانیان لە چیرۆکەکەدا یەکتردەگرنەوە و بەکاربردنی شێوازی ڕەسمی، بەتایبەت بۆ سیاسەتمەداران لە ڕوانگەی بیروباوەڕە واتادارە. سەریاسی دووەم لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەریاسی یەکەم دەڵێت: ((ئێستا دەبێت من بپرسم من کێم؟ من چیم؟... ڕۆژێکی ترو هاتە، ڕۆژێکی گواوییە وەک قونی سەگ، ... بێمانایە ... هەمووی بێمانایە...)) (هەمان سەرچاوە، ١٨٢). خەلیلی هۆرمۆز: ((زۆر باشت کرد کوشتت، کوڕی حیزە بەشی خۆی ژیاوە)) (هەمان سەرچاوە، ٢٥٥). ((سەریاسی سوبحدەم تەقە بکە...کوڕی قەحبە تەقە بکە... کوڕی حیز تەقە بکە)) (هەمان سەرچاوە، ٢٧٧).

یاقوب لە کۆتایی ژیانیدا لەگەڵ موزەفەر بە شێوەی ڕەسمی دەدوێت. ((گەر تۆ نەچوویتایە، دەکرا لە نێوان من و تۆدا شتێکی تر هەبێت، دەمانتوانی لەسەر مەعدەنی مرۆڤ، گەوهەری ژیان، ناوەرۆکی وجود قسە بکەین)) (هەمان سەرچاوە، ٣٥٦).

جێناوەکان زۆرتر بە شێوەی کەسی یەکەمی تاک و سێیەمی تاک بەکارهاتوون و هەندێکجار بگێڕەوە ڕووی لە گوێگرە و دەیدوێنێت. ڕستەکانی چیرۆک زۆرتر لە جۆری ئەرێنی و هەواڵییە و ڕاوی کە بگێڕەوەی چیرۆکەکەیە لە زمانی کەسایەتییە جیاوازەکان قسە دەکات. دیالۆگەکان کورت و پوختن و ناولێنانی کەسایەتییەکان و نازناوەکانیان لەگەڵ ڕۆڵی خۆیان یەکتر دەگرنەوە.

## ٢- ٢. شیکاری گوتاری ڕەخنەیی ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا لە ئاستی لێکدانەوە:

هەموو دەقێک بەپێی پێگەی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی توانای تێگەیشتن دەبەخشێت. (فێرکلاف، ١٣٩٧: ٢١٤) پێی وایە کە لەڕێگەی تایبەتمەندییە ڕواڵەتییەکانی دەق ناتوانرێت ڕاددەی کاریگەری بەسەر بناغەی کۆمەڵگا بەدەست بێت؛ چونکە لەبنەڕەتەوە چەشنی پەیوەندیی دەق و

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە. ئەو پەیوەندییە لەپێش هەموو شتێک لەلایەن گوتارەوە کە دەق بەشێکە لەو، سازدەبێت، لەبەرئەوە دەق لەسەر بنەمای پێشگریمانەکانی بایەخ بە تایبەتمەندییەکانی دەق دەدات و لێکیان دەداتەوە.

لەڕوانگەی فێرکلافەوە لێکدانەوەکان تێکەڵاوێکن لە ناوەرۆکی خودی دەق و هزری شرۆڤەکار و مەبەست لە هزری شرۆڤەکار زانستی باگراوندییە کە لە لێکدانەوەی دەقدا بەکاریدێنێت. لەڕوانگەی زۆرێک شرۆڤەکارەوە لەڕاستیدا تایبەتمەندییە ڕواڵەتییەکانی دەق وەک سەرەداون کە بنەماکانی زانستی باگراوندی بیری شرۆڤەکار چالاک دەکەن و بەرهەمی پەیوەندی دیالیکتیکی ئەو سەرەداوانە و زانستی باکگراوندیی شرۆڤەکار دەبێت.

دیاریکردنی ژێرنەخشی دەق کاریگەری زۆری هەیە لە لێکدانەوەی دەق. بەگشتی واتا بریتییە لە بەرەنجامی ناوەرۆکی دەق و کاریگەرییەکانی کە تاک لە تێگەیشتنی خۆی و بنەمای دەقی وەریدەگرێت و مەبەست لە بنەمای دەقی پێگەی غەیری زمانییە کە دەق بەشێکە لەوە (هەمان سەرچاوە، ٢٢٩).

بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ نیشاندانی پێکهاتەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، بەڵگەی مێژوویی دێتە ئەژمار و دەتوانرێت وەک «مێژووی چالاک» سەیری بکرێت (ئاغا گوڵزادە، ١٣٨٦: ٥٤). بەختیار عەلی یەکێک لە هەرە دەگمەنترین ڕۆماننووسەکانی کوردزمان کە باگراوندی ڕاستەقینەی چیرۆکەکانی، مێژووی سەردەمی کوردستانە و زۆربەی ڕووداوەکان لە ساڵی ١٩٦٠ تا چەند ساڵ لەمەوبەرە. مێژوویەک کە تێکەڵ بە بۆردومانی کیمیایی، کۆمەڵکوژی، شۆڕش ...، کە لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەدا کێشەگەلی ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونییەکی زۆر توشی خەڵکی بووە. بەختیار عەلی بە سود وەرگرتن لە جۆری "ڕیالیزمی جادوویی" کە دەتوانرێت بە ڕیالیزمی جادوویی ڕۆژهەڵاتی ناو بنرێت (قاسم زادە، ١٣٩٠: ٨٠) لە هەوڵی باسکردنی ئەو پرسەدایە. ژیربێژی زاڵی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤە ڕۆژهەڵاتییەکان لە دوای دووەم شەڕی جیهانی و کوژران و توندوتیژی سەردەم لە ڕۆژهەڵات بۆ سڕینەوەی تەواوی ئەوی تر دادەنێت (بەختیار عەلی، ١٣٩٣: ١٥٥).

دوایین هەناری دونیا ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای شەڕ و لێقەوماوی کوردستانە کە مرۆڤەکان دەبن بە قوربانی و لاپەڕەیەکی ڕەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەڵدەدرێتەوە. دۆخی ژیانی خەڵکی لە نیوەی ساڵەکانی دەیەی حەفتای زایینی بە دواوە بە شێوەیەک تێکەڵی کێشە سیاسییەکان بووبوو کە هیچ تاکێکی کۆمەڵگا نەتوانێ خۆی لەو بابەتانە بەدوور بگرێت. لەو جێیەوە نووسەری چیرۆک بۆ خۆی منداڵی ئەو ساڵانەیە، هەستی کەسایەتییەکان زۆر بە جوانی ڕادەگوێزێت و پەیوەندی عاتفی لەگەڵ خوێنەر سازدەکات. بەختیار عەلی لە وتووێژێک لەو بارەوە دەڵێت: ((ئەو منداڵانەی کە لە سەردەمی بەعس و شەڕە نێوخۆییەکان ژیاون، منداڵانێکی زۆر زامدارن. بۆخۆم منداڵی ئەو سەردەمەم، لەنێو ئەو کوێرەوەریانەدا گەورە بووم، بەشێکی زۆر لەو سەختییانەی دیتوومە لە دوایین

هەناری دونیادا هاتووە، کە بەشێوەیەک یەکێک لە تاکە کەسیترینی ڕۆمانەکانمە)) (بەختیار عەلی، ٢٠١٢: ٤٩).

کەسایەتییەکانی چیرۆک زۆرتر لە چینی مافخوراو، چارەڕەش، پەراوێزخراو و لەبیرکراوی کۆمەڵگا هەڵبژێردراوە و تاڵییەکان و هەندێکجار جوانییەکانی ژیانیان باسکراوە. لەو توندوتیژانەی مرۆڤ، شۆڕش و شەڕە کە تا ساڵانێک کاریگەرییەکانی لەسەر خەڵک و کۆمەڵگا، بەتایبەت چینی ژێردەست، دەمێنێتەوە.

نووسەر لەڕێگەی کەسایەتییە جیاوازەکانەوە، ڕۆژگاری ژیانیان وەسفدەکات. موزەفەری سوبحدەم ئەو ڕۆژگارانە ئاوا وەسفدەکات: ((لە سەردەمی دیوار و گونێی خۆڵ و ژێرزەمینی ئەستوور و دەرگای داخراودا. لە سەردەمێکدا هەموو بە نهێنی ئیش دەکەن... دەوڵەت بە نهێنی نەیارەکانی سەر دەبڕێت نەیارەکان بە نهێنی دەژین و هاتوچۆ دەکەن. لەو ساڵانەدا ژیان دەبێتە دروستکردنی دیوار و تاریکی...)) (بەختیار عەلی، ١٣٩٣: ٤٢). ((ئەوان (خوشکە سپییەکان) لە ڕۆژگاری درۆکاندا دەژیان، ڕۆژگارێک کەس لە سوێندی ئەوی تر دڵنیا نەبوو.)) (هەمان سەرچاوە، ١٢٣). ((لەو ساتەدا کە زەوی لە ناو حەقیقەتە خوێناوییەکانی خۆیدا ونبووە... ئەو ڕۆژە ڕۆژی کوێری بوو. ڕۆژێک بوو ئینسان نەیدەزانی ڕوو بکاتە کوێ!)) (هەمان سەرچاوە، ١٣٨). ((ئەو (سەریاس) لە سەردەمێکدا ژیاوە کە مرۆڤی مەزن واتای مرۆڤی بەهێز بووە.)) (هەمان سەرچاوە، ١٥٤). سەید جەلالی شەمس دەڵێت: ((دوایی تەنیا یەکێکیانم (سەریاسەکان) دۆزییەوە، تەنیا یەکێکیان... وای خالق، دووانیان لە بۆنی تەقە و باروتی ئەو زەمانەدا ون بووبوون)) (هەمان سەرچاوە، ٣٠٨). لەڕاستیدا نووسەر بە هێنانی ئەو ڕستانە، باس لە گوتاری دژی شەڕ دەکات، بەشێوەیەک کە گوتارەکەی دروشم دەر و سیاسی دەرناکەوێت.

هونەر لە بەرهەمەکانی بەختیار عەلیدا جێگەوپێگە و گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەو ڕۆمانەدا هەندێک لەو گرنگییانە دەبینین. لە ڕوانگەی نووسەرەوە، جوانی و هونەر پاکییەکی تایبەت بە مرۆڤەکان دەبەخشێت و لە جیهانێک کە شەڕ و ئاڵۆزی زاڵە، جوانی و هونەر جێگەوپێگە و گرنگییەتی خۆی لەدەستدەدات. ئەو کەسایەتییانەی چیرۆک کە پەیوەندییان لەگەڵ هونەردا هەیە، توندوتیژی کەمتر دەنوێنن و کاتێک ئەو پەیوەندییە نامێنێت توندوتیژی زیاتریان تێدا دەبیندرێت. هەروەها تاک و کەسایەتییە سیاسییەکان پەیوەندییان لەگەڵ هونەر و جوانی پچڕپچڕە و لێی تێناگەن. خوشکە سپییەکان گۆرانی دەڵێن، جلی بووکێنی دەدوورن، و هەردەم جلی سپی کە هێمای پاکی و ئاشتییە لەبەر دەکەن. سەریاسی یەکەم چێژ لە گۆرانییەکەیان وەردەگرێت، ئەو وێنانەی لە ژوورەکەیدا دەبینین و هۆگری بە دیتنی فیلم و خۆشنووسی هێمایەکە لە ڕوحیەی هونەری کە دژی شەڕ و خوێن ڕشتنە. سەریاسی دووهەم کە عاشقی گوێگرتن لە گۆرانیی کامکارەکانە، کاتێک دەچێت بۆ شەڕ، تازە ((لەو کاتەوەی کە گەڕاومەوە بۆ شەڕ ئیتر نە تەماشای تەلەفزیۆنی بنکەکەم دەکرد نە گوێم لە کامکارەکان دەگرت)) (هەمان سەرچاوە، ٢٧٧)، و هەروەها بۆ دیتنی بەڕێوەچوونی ڕاستەوخۆی کامکارەکان، کە تەنیا ئاواتی بوو، ناچێت. یەکێک لە گوتارەکان ئەوەیە کە سیاسەتمەداران و دەسەڵاتداران تا ڕادەیەک ناحەزی و دزێویان سازکردووە کە جوانییەکانی

جیهان سەرنجیان ڕاناکێشێت. یاقوبی سنەوبەر بە موزەفەری سوبحەدەم دەڵێت: ((من ساڵەهای ساڵە ئەستێرەم نەبینیوە... ساڵەهای ساڵە کاتی ئەوەم نەبووە بیر لە ئاسمان بکەمەوە... سەیری مانگ بکەم...)) (هەمان سەرچاوە، ٦١).

ڕوودانی کارەساتە دڵتەزێنەکان ئازاردەرن و هەندێکیان زاڵن بەسەر ڕووداوە خۆشەکان، بە شێوەیەک کە نووسەر دەیهەوێت گوتاری کۆمەڵایەتی لە حاڵی ئاوابوونی خۆر و وەستان و تاریکی وەبیر بیسەر بێنێتەوە. بگێڕەوە شەوانە چیرۆکەکەی بۆ گوێگرەکان دەگێڕێتەوە، ئەو گوێگرانەی بگێڕەوە چیرۆکیان بۆ دەگێڕێتەوە، هیچ پرسیارێک ناکەن، ناڕەزایەتی دەرنابڕن، تەواو بێدەنگن و بەو حاڵەشەوە پەنابەرانێکن کە لە نیشتمانی خۆیان هەڵدێن و هیچ کەس توانای ناڕەزایەتی سەبارەت بە دۆخی سەردەمی خۆی نییە و هەڵاتنی وەک دوایین ڕێگەچارە دەبینێت.

## ٢- ٣: شیکاری گوتاری ڕەخنەیی ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا لە ئاستی ڕوونکردنەوە:

لە قۆناغی سێیەمی پەیوەندی گوتار لەگەڵ پرۆسەکانی ململانێ و هێز تاوتوێ دەکرێت. گوتار بەستراوە بە پێشگریمانە و تایبەتمەندییەکانی پێشگریمانەکانە کە بەشێوەی ئاشکرا لە گوتارەکاندا باس ناکرێن. ئەدەبیات و بیروباوەڕ دوو بابەتن کە تێکاڵاون و شیکاری گوتاری ڕەخنەیی لەڕاستیدا شیکاری بیروباوەڕە. لە ڕوانگەی (فێرکلافەوە، ١٣٧٩: ٢١٤) قۆناغی ڕوونکردنەوە بۆ ئاشکراکردن و نەهێشتنی گومانە لە گوتاردا. لە ڕوانگەی فێرکلافەوە گوتاری وەسفی وەک بەشێک لە پرۆسەی کۆمەڵایەتییە (هەمان سەرچاوە، ٢٤٧). ڕوونکردنەوە، گوتار وەک کردەوەی کۆمەڵایەتی وەسفدەکات و نیشانیدەدات کە چۆن پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، گوتار بەرزدەکاتەوە. هەروەها ڕوونکردنەوە نیشاندەدات کە گوتارەکان دەتوانن چ کاریگەرییەکی بەرهەمهێنەرانەیان لەسەر پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی هەبێت. مەبەست لە پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی، بۆنەکانی دەسەڵاتە و ئامانج لەو پرۆسە و کردەوەکانی کۆمەڵایەتی، پرۆسە و کردەوەی پەیوەندیدار بە ململانێی کۆمەڵایەتییە.

دوایین هەناری دونیا لەبنەڕەتەوە ڕۆمانێکی دژە شەڕە. نووسەر بە نیشاندانی ئەو کەساتییانەی کە هەوڵەکانیان بە ئەنجامی دڵخوازی خۆیان ناگەن و کۆتاییەک جگە لە تەنیاییان نییە، ڕوخساری شەڕ دەردەخات. دونیای شەڕ هەردەم دونیای جوامێری و لەخۆبردوویی نییە، بەڵکو ترس، نائومێدی، سەرگەردانی، خیانەت و مردن لە ڕواڵەتە سەرەکییەکانی شەڕە. بەختیار عەلی بەدوای قارەمانپەروەری لە شەڕدا نییە و هەروەها بۆ دامەزرانی دادپەروەری بە ڕەوا نازانێت و لە زمانی موزەفەرە بە ئیکرام دەڵێت: ((شەڕ ئازارەکانی دونیا گەورەتر دەکات، ئەگەر دژی هەموو خراپەکانیش بێت، دواجار بە جۆرێکی تر زەوی پڕ دەکاتەوە لە ئازار، شەڕ ئەگەر ئەوپەڕی دادپەروەریش بێت، هەمیشە زەوی لێوان لێو دەکاتەوە لە غەم)) (بەختیار عەلی، ١٣٩٣: ٣٨٩).

لە قۆناغی ڕوونکردنەوەی ئەو ڕۆمانەدا دەبێ بڵێین گوتاری کۆمەڵگا بەرەو ئاقارێک براوە کە ڕەوتی دژایەتی لەگەڵ توندوتیژی لە کۆمەڵگادا جێگیرکردووە. ئەو دژایەتییانە لە چیرۆکەکەدا

لەلایەن سەریاسی یەکەم، ئیکرامی کێوی و موزەفەری سوبحدەم باسدەکرێت. هەر ئەو جۆرەی کە سەریاسی یەکەم، ڕێگە لە سەریاسی دووهەم بۆ چوونە شەڕ دەگرێت و دەڵێت: ((گەمژە دانیشە، هیچ کەسێک لە خەتەردا نییە تۆ نەبیت... ژیانی تۆ لە شەڕەفی هەزار حزب گەورەترە، کە لەسەر بەشکردنی تاڵانەکانیان شەڕ دەکەن)) (هەمان سەرچاوە، ٢٣٨-٢٣٩) ڕادەربڕینی سەریاسی دووهەم و موزەفەر لەبارەی هەژاری و ئابووری سەردەمی کۆمەڵگا و کۆکردنەوەی سامانی تاکەکانی بەستراوە بە هێز، کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی گوتاری شەڕ و هەروەها بە گوتاری وشیاری و بەدیهاتنی مافەکانی شارومەندی لە بیروڕای گشتی پەرە دەدەن. محەمەد دڵشوشە سەرەڕای ئەوەی کە دەتوانێت لە چینی هێزداران و دەوڵەمەندەکاندا بێت، بەڵام لەگەڵ هاوڕێ مافخوراو و هەژارەکانی پەیمانی برایەتی دەبەستێت و وەک ئەوان دەژیت. سەریاسی دووهەم ئەوە دەزانێت و دەڵێت: ((ئەو جلەی لەبەردابوو کە من لە لەنگە بۆم کڕیبوو. ئەو لەبەر خاتری ئێمە جلی کۆنەی لەبەر دەکرد، نەیدەویست نیشانی بدات ئەو شتێکی ترە)) (هەمان سەرچاوە، ٢٢٧) ئەو پرسە بە نۆرەی خۆی دابڕانی (جیایی) گوتار لە هێز لە کۆمەڵگادا پەرەپێدەدات.

لەسازکردنی ئەو گوتارە لە چیرۆکدا، دەتوانرێت بەردەوامی ململانێکان و جیاوازی چینایەتی لە گرنگترین هۆیەکان دابنرێت. گوتاری چیرۆکەکە ئەوەیە کە دەسەڵات، نە تەنیا ئازادی و مافی شارومەندی دابین ناکات، بەڵکو وەریان دەگرێتەوە. موزەفەری سوبحدەم لەوە نائومێدە کە یاقوبی سنەوبەر داواکارییەکانی جێبەجی بکات و دەڵێت: ((من هێدی هێدی نائومێد بووم لەوەی یاقوبی سنەوبەر دەستم بگرێت و وەک ئادەمییەک بمگێڕێتەوە بۆ دونیا)) (هەمان سەرچاوە، ٧٩) بەختیار عەلی پێی وایە: ((ئەو تارماییە گەورەیە کە ئازادی بوارێکی تایبەتە لە کایەی سیاسی و تەنیا لە دڵی چالاکییەکانی سیاسییەوە دێتەدەر و ئەوەی کە سیاسەت دەتوانێ دروستکەری ئازادی بێت، کوشەندەترین هەڵەیە کە ڕووناکبیرانی کۆمەڵگای ئێمە لەو داوە کەوتوون)) (بەختیار عەلی، ١٣٨٨: ٨١). هەروەها وەک پێشنیارێک بە لاوەکان دەڵێت: ((لاوەکان لە نیشتمانی خۆماندا دەبێ هونەرێک بە باشی فێر بن، کە ڕێز لە دەسەڵات نەگرن. بزانن کە هەر جێگە و پێگە و مافێک بەدەستی دێنن، وەرگرتنەوەی بەشێک لە مافی زەوتکراوی خۆیانە. داهاتووی لاوەکانمان بە تێگەیشتنی ئەو بابەتە بەستراوەتەوە کە بزانن هێز، مافت ناداتێ بەڵکو لێت پێشێل دەکات)) (بەختیار عەلی، ٢٠٠٧: ٦٤).

لەنێوان گوتارەکانی شوناسخوازی و نەتەوەخوازی زیادەڕۆیانەی کۆمەڵگا بووە بە هۆی کێشانی دیوارێک لە نێوان مرۆڤەکان و لێکدژی ئەوانی تر کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی شەڕ و توندوتیژی، چیرۆکەکە دەیهەوێت گوتاری مرۆڤخوازی و لە ئەنجامدا، دۆستایەتی، برایەتی، خۆشەویستی، ئاشتی و ئاسودەیی لە کۆمەڵگادا بخاتەڕوو. هەناری شوشەیی کە هێمایەکی گرنگی نێو چیرۆکەکەیە هێمای یەکگرتوویی، بەرهەمهێنەری ژیانە. ئەو گوتارانە زۆرتر لە قسە و کردەوەکانی ئیکرام و موزەفەردا دەبێنرێت. ((لەو شارەدا مرۆڤ ڕقی لە مرۆڤە... بە تەواوی ئەو برینانەی مرۆڤ لە برای خۆی دەدات گەر متمانە بە مرۆڤ نەکەین، ڕوو لە کوێ کەین... من باس لە خۆتەرخانکردنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەکەم)) (هەمان سەرچاوە، ١٢٨-٣٨٧) لە کردەوەشدا هەردووکیان ژیانی خۆیان تەرخانی مرۆڤەکانی دیکە دەکەن و تەنانەت موزەفەر کە خۆی تەرخانی سەریاسی سێهەم دەکات، نازانێت منداڵی ڕاستەقینەی خۆیەتی یا نا. (بەختیار عەلی، ١٣٩٣: ١٤٣، ١٤٥) لە پەیوەندی لەگەڵ بۆچوونی

مرۆڤەکانی ڕۆژهەڵات، دەنووسێت: ((ڕۆژهەڵات ئێستاش لە قۆناغی پێش لەدایکبوونی چەمک و واتاکانی"مرۆڤ"دا دەژیت... بۆ هەبوونی مرۆڤایەتی پێویستە، بە خاڵێک گەیشتبین کە مرۆڤ بەدوور لە هەر شوناسێک، وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ و بەدوور لە هەر گروپ یا حزبێک وەک بوونەوەرێک کە بایەخی خۆی تەنیا لە خۆی وەرگرتبێت، سەیری بکرێت)) و سەبارەت بە پێوەندی ناسیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ شکست و پاشگەزی و سنورسازکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا دەنووسێت: مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی لەماوەی ژیانی خۆیدا، بەتایبەت پەنجا ساڵ لەمەوبەر، مێژووی شکست بووە؛ مێژوو هەلاهەلابوون و پاشگەزی هەمیشەیی بووە؛ مێژووی لەنێوچوونی هێماکان بووە... نەیتوانیوە دوو ناوچە لە یەک نزیکبکاتەوە. لە هەر شوێنێک ئەگەری دابەشبوون هەبێت، ناسیۆنالیسمی کوردی چۆک بەو ئەگەرە دادەدات)) (بەختیار عەلی، ١٣٩٤: ٧٩).

گوتاری دژایەتی لەگەڵ فاشیزم لە نووسینەکانی بەختیار عەلیدا زۆر جەختی لەسەرە، هیچ کام لە نووسین و ڕۆمانەکانی بێ هاواری دژایەتی لەگەڵ فاشیزم نییە. قسەکردن لە بارەی فاشیزمەوە لە ڕوانگەی بەختیار عەلییەوە، قسەکردنە لەبارەی جیهانێک کە ناتوانێت ئازادانە لە ژیان بەردەوام بێت (هەمان سەرچاوە، ١٧٠). فاشیزم بە سازکردنی شێوەیەک لە دوژمن و بە زەینییەتی سیاسی من باش و ئەوی تر خراپەکار دەکات. (هەمان سەرچاوە، ٤٩).

میدیاکان لەو دەستە ئامێرە گرنگانەن کە دەسەڵات بۆ زاڵکردنی گوتاری خۆی لە کۆمەڵگادا، سودیان لێوەردەگرێت، لە ڕوانگەی بەختیار عەلییەوە پاوانکردنی میدیاکان یەکێک لە سێ بنەمای بنەڕەتی فاشیزمە. (بەختیار عەلی، ١٣٨٤: ٩٦). چیرۆکەکە لە بەرامبەر گوتاری پاوانکردنی میدیا و بەرهەمهێنانەوەی گوتاری دەسەڵات لەلایان سانسۆڕ و بەلاڕێبردنی میدیاییە کە بە زمانی تانەو و گاڵتەجارییەوە هەڵوێست دەگرێت. بەختیار عەلی تامی تاڵی سانسۆڕ و سنووردارکردنەوەی میدیاکانی چێشتووە و بەرهەمەکانی لە سەردەمی حکومەتی بەعس مۆڵەتی چاپیان وەرنەگرت و یەکەمین ڕۆمانە کە، مەرگی تاقانەی دووەم، نزیکی دە ساڵ دوای نووسینەکەی لە وڵاتی سوید چاپکرا. لەو بابەتانەی لە چیرۆکەکەدا کە میدیا لە خزمەتی گوتاری دەسەڵاتدایە دەتوانرێت بە ڕوانینی سووکانەی ڕۆژنامەوانەکان بۆ دەستفرۆشەکان، مناڵانی کار و سەرنج نەدان پێیان و لە بەرامبەردا قسەکردن لەبارەی ئەو خزمەتەنای شار کە دەوڵەت کردوویەتی، ئاماژە بکرێت (بەختیار عەلی، ١٣٩٢: ١١٧). بە پێچەوانە نیشاندانی مردنی محەمەدی دڵشوشە لە هەواڵی تەلەفیزیۆندا و ڕێز لێگرتن لێی لەبەر ئەو ڕۆڵانەی لە ڕاپەڕینەکاندا هەیبووە یەکێکی تر لەو ناڕاستییانەیە کە لە هەواڵەکانی تەلەفیزیۆنی ڕەسمی دەوڵەت ڕادەگەیەندرێت (هەمان سەرچاوە، ٢٣٠). هەروەها کاتی ڕۆیشتنی سەریاسی دووەم بۆلای ڕێبەر وەک بچوکترین جاش و دواتر دەستبەسەرکردن و وەرگرتنی دانپیادانانەکان و بەلاڕێبردنەکان و درۆ هەڵبەستنەکانی میدیاکان دێتە بەر چاو (هەمان سەرچاوە، ٢٥٤-٢٩٢).

جیهانی سیاسی، جیهانێکی تراژید و جەرگبڕە، بەڵام جوانی و ئومێدیشی تێدا دەبینرێت. (بەختیار عەلی، ٢٠١٢: ١٢٣) ئەدەبیات جگە لە گۆڕەپانێک بۆ نیشاندانی جەوهەری مرۆڤ، بە شتێکی دیکە نازانێت و شێوەی زاڵی چیرۆکەکەش دەرخەری ئەو شتەیە. ئەو خاڵە ئومێدەی کە لە

نێوان نائومێدییەکاندا دەبینرێت لە هێمای داری "دوایین هەناری دونیا"دا دەردەکەوێت. دارێک کە هێمای نیشتمانی دیاریکراوە و بە وتەی کەسایەتییەکان چیرۆک، سنووری نێوان خوا و مرۆڤە و ئیتر لەوێ ئاسەواری شەڕ، نەخۆشی و پیری نابیندرێت و تەنیا ئارامی، جوانی و ڕووناکی دێتە بەرچاو. بەشداری هێمایی و دیرۆکی ئەو دارە کە لە چیرۆکەکەدا تێکەڵ بە عیرفان بووە و هەروەها دونیای سوررریالیستی سەرەکییە کە، هێمای شاری ئاواتی جوانە کە بۆ گەیشتن بە ئەوێ دەبێ لە دەنگی گوللە و تۆپ و چەک دوور بکەویتەوە، لە جیهانی دوژمنایەتی بەرەو جیهانی دۆستایەتی و دڵپێدان، برایەتی و یەکگرتوویی بڕۆیت و وەک هاوڕێی شازادە بینایییەکی دەروونی و تازە ببینیەوە.

## پەراوێزەکان:

1. Critical discourse analysis
2. M. Jorgensen
3. L. J. Phillips
4. J. Richard
5. J. Platt
6. H. Weber
7. N. Fairclough

٨. سەریاسی سوبحدەمی ئەوڵ بەهۆی نەبوونی دایک و باوک لە سەرەتای ژیانییەوە دەستی داوەتە کاری قورسی جۆراجۆر و لە خێوەتگەیەک لە دەرەوەی شار لەگەڵ پیرەژنێک و پیرەپیاوێک ماڵێکیان بەکرێ گرتووە و لەسەر داشقەیەکی بچوک، کە پێیان دەکوت سینگی کەژاڵ، لەنێو بازاڕ و قەرەباڵغی شاردا دەستفرۆشی دەکرد. سەریاسی ئەوڵ لە قاڵبی ڕووناکبیرێکی خاو و بێئەزموونیدا دەبینین کە نازناوگەلێک وەک "پرۆفیسۆری شەوە تاریکەکان، مارشاڵ، پرۆفیسۆری داشقەچی و سەراسی مەزن"یان پێدابوو. ئەو بە تەمای چاکسازی لە بازاڕ و دۆخی کۆمەڵگایە و ڕەخنەگری سەردەمی خۆیەتی و لە بەرامبەر ئەو نادادپەروەرییانەی کە لەلایەن دەسەڵات بەسەردەستفرۆشەکاندا دەیسەپێنن، ڕادەوەستێت و لە ئەنجامدا لە یەکێک لە تێکهەڵچوونەکانی لەگەڵ کەسێک بە ناو مەلەکی دولبەر کە بە هۆی هۆگری بە دەسەڵات، دەست دەکات بە ئازاردانی دەستفرۆشەکان، بە گووللەیەک کە بە ئەگەری زۆرەوە پۆلیسێک هاویشتوویەتی، دەکوژرێت.

٩. سەریاسی دووهەمیش بە هۆی نەبونی دایک و باوکی لە ئاواییەک لەلایەن دوو کەس بە ناوەکانی مەلا عەباس و خەرامان خانم بەخێو دەکرێت. بە هۆی بۆردمانێک کە گشت خەڵکی ئاواییەکە و هەروەها مەلا عەباس و خەرامان خانمیش دەمرن، ئەوێ بەجێ دێڵێت و بەرزی و نشێوییەکی زۆری لە ژیاندا هەیە و لە ئەنجامدا دەستبەسەر دەکرێت.

١٠. سەریاسی سوبحدەمی سێهەمیش دایک و باوکی نەبوو، ژن و پیاوێکی وەرزێر کە بۆخۆیان منداڵیان نەبوو، ئاگاداریان لێ دەکرد. لە بۆردماندا سەرپەرەشتەکانی لە دەست دەدات و بۆخۆشی توشی سوتانێکی یەکجار زۆر دەبێت و توانای قسەکردن و وەبیرهێنانەوەی کەسەکانی تا ڕادەیەک لە دەست دەدات. لە نەخۆشخانەیەک، لە بەشی منداڵە ساواکان ئاگاداری لێ دەکرێت و لە ئەنجامدا دەیبەنە ئینگلیز تا خوێندنەوەی لەسەر بکەن.

11. Metaphoric images

## ئەنجام

لەنێوان شێوازە جیاوازەکانی گوتاری ڕەخنەیی، شێوەی فێرکلاف لە سێ ئاستی وەسفکردن، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە بۆ تاوتوێی ڕۆمان، بە تایبەت ئەو ڕۆمانانەی کە گوتارەکانیان سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسییەکانن، شێوازێکی کارامەیە. دوایین هەناری دونیا دەکرێت لە ژێر کاریگەری گوتاری فەرهەنگی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا سەری هەڵدابێت کە خوازیاری بەرهەمهێنانی ئەو چەشنە دەقە بووە و سودی زۆری لێوەرگیراوە. گرنگترین شیکردنەوەکانی ڕۆمانی دوایین هەناری دونیا لە ڕوانگەی شیکاری گوتاری ڕەخنەیی لەو خاڵانەی خوارەوە دەستنیشان دەکرێن:

١. ئەنجامە بەربڵاو و وێرانکەرەکانی شەڕ و توندوتیژی.

٢. گەندەڵی سیاسی، ئابووری، میدیایی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا.

٣. شوێنکەوتووانی حزبخوازی و زەینییەتی فاشیزتی و داڕشتنی گوتاری مرۆڤخوازانە و ئاشتی خوازانە.

٤. لێکچوویی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان لە پێکهاتە و بنەڕەتەوە.

٥. داڕشتنی شیکاری ئاشتیخوازی، برایەتی و خۆشەویستی.

نووسەر بە دوو ئامرازی "دووبەرەکی" و "دیرۆکی" کە یەکەمیان هێمای دژایەتی دەروونی کۆمەڵگای نووسەرە و دووەمیان بۆ ڕیالیزمی جادوویی پێویستە و هێمای داڵغەکانی نووسەرە، بۆ باسکردنی دۆخی کۆمەڵگای شەڕ دیتووی کوردستان لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی هەشتای زایینی بە دواوە سەرکەوتووانە هەنگاوی هەڵێناوەتەوە و بەشێکی گرنگ لە مێژووی سەردەمی کوردستانی لە قاڵبی ڕۆمانێکدا باس کردووە.

## سەرچاوەکان

### ١- بە زمانی کوردی:

ئازاد محەممەد، مهاباد (2010)، وێنەی ڕۆشنبیر لە ڕۆمانەکانی بە ختیار عە لی دا، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
ئەنوەر سەعید، جەلال (٢٠٠٩)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارە ی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی.
عەلی، بەختیار (٢٠٠٧)، چاوپێکەوتنی گۆڤاری لڤین، ژمارە (٥٣)، مانگی شەش.
عەلی، بەختیار (٢٠١٢)، دۆسیەی ئەزموونی ڕۆماننووسیی بەختیار عەلی، وتووێژی دانا فایەق و بەختیار عەلی، گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٥٨).
عەلی، بەختیار (٢٠١٥)، دواهەمین هەناری دونیا، چاپخانەی ئەندیشە، چاپی شەشەم، سلێمانی.

### ٢- بە زمانی فارسی:

آقا گل‌زاده، فردوس و مریم سادات غیاثیان (1386)، رویکردهای غالب در تحلیل گفتمان، زبان و زبانشناسی، ش3.
آقا گل‌زاده، فردوس (1386)، تحلیل گفتمان انتقادی و ادبیات، ادب پژوهی، ش1 (بهار).
آقا گل‌زاده، فردوس، معصومه ارجمندی؛ ارسلان گلفام؛ عالیه‌کردزعفرانلو کامبوزیا (1389)، کارآمدی الگوی تحلیل گفتمان انتقادی فرکلاف در نقد و ارزیابی برابرها در متون ترجمه‌شده خواهران اثر جیمس جویس، پژوهش‌های زبان و ادبیات تطبیقی، ش3 (پاییز).
آقاگل زاده، فردوس (1394)، «تحلیل گفتمان انتقادی»، تهران: علمی و فرهنگی، چاپ سوم.

بهبهانی، مرضیه، سیاوش خاکپور؛ مصطفی گرجی (1392)، بررسی و تحلیل انتقادی گفتمان سگ و زمستان بلند. فصلنامه تخصصی مطالعات داستانی، ش4 (تابستان).

جهانگیری، جهانگیر و علی منور ریگی زاده (1393)، زبان، قدرت و ایدئولوژی در رویکرد انتقادی نورمن فرکلاف به تحلیل گفتمان، دوفصلنامه علمی-پژوهشی "پژوهش سیاست نظری"، ش14 (پاییز و زمستان).

حدادی، الهام، فریده داودی مقدم؛ مصطفی گرجی (1391)، «کردار گفتمانی و اجتماعی در مدار صفر درجه بر پایه‌ی الگوی تحلیل گفتمان فرکلاف»، نقد ادبی، ش18.

دسپ، سید علی، فردوس آقاگل زاده ؛ حسین‌علی قبادی (1390)، تحلیل گفتمانی جزیره سرگردانی و پیوند معنایی آن با دیگر رمان‌های سیمین دانشور، ادب پژوهی، ش15 (بهار).

سرایی، حسن؛ سروش فتحی؛ زهرا زارع (1378)، روش کیفی در مطالعات اجتماعی با تأکید بر روش تحلیل گفتمان و تحلیل گفتمان انتقادی، پژوهشنامه علوم اجتماعی، ش2.

طایفی، شیرزاد و محسن رحیمی (1395)، نقد مؤلفه‌های رئالیسم جادویی در رمان آخرین انار دونیا اثر بختیار علی، پژوهشنامه ادبیات کردی، ش3 (پاییز).

علی، بختیار (1384). اکثریت و اقلیت، خوانشی در میان دموکراسی و فاشیسم. ترجمه عدنان حسن‌پور، زریبار، ش58/59 (پاییز و زمستان).

علی، بختیار (1388)، درباره‌ی عقل آزاد، ترجمه مهدی رضایی، زریبار، ش71/72 (پاییز و زمستان).

علی، بختیار (1393)، «آخرین انار دونیا»، ترجمه مریوان حلبچه ای، تهران: ثالث، چاپ دوم.

علی، بختیار (1393)، «آیا با لاکان می‌توان انقلابی بود؟» ترجمه سردار محمدی، تهران: افراز، چاپ اول.

علی، بختیار (1394)، «داعش، خشونت شرقی و نقد عقل فاشیستی»، ترجمه سردار محمدی، تهران: مرکز، چاپ اول.

فاضلی، محمد (1383)، گفتمان و تحلیل گفتمان انتقادی، پژوهشنامه علوم انسانی و اجتماعی. ش14.

فرکلاف، نورمن (1379)، «تحلیل انتقادی گفتمان»، ترجمه فاطمه شایسته پیران و دیگران، تهران: مرکز مطالعات و تحقیقات رسانه‌ها، چاپ اول.

قاسم‌زاده، الهه (1390)، «رئالیسم جادویی مشرق زمین»، گلستانه، ش112، صص79-80.

قبادی، حسین‌علی، فردوس آقاگل زاده؛ سید علی دسپ (1388)، تحلیل گفتمان غالب در داستان سووشون سیمین دانشور، فصلنامه نقد ادبی، ش6، صص149-183.

گودرزی، محمدرضا (1389)، جهان تقابل‌ها و تناقض‌ها، انشا و نویسندگی، ش7، صص80-٨٣.

یورگنس، ماریان و لوئیز فیلیپس (1389)، «نظریه و روش در تحلیل گفتمان»، ترجمه هادی جلیلی، تهران: نی، چاپ اول.

**٣- به زمانی ئینگلیزی:**

Furlough. N (1992), Discoursed and social change, Cambridge: polity press.

Richards jack, John Platt and Heidi Weber (1985), Dictionary of applied linguistics, Essex Longman